**خـوێنـەرانی هێـژا ...**

یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ – یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی دا " **وەقـایعی کوردستان** " لە ژمارە (٤٦)ی ڕۆژنامەی پەرلەمـان لـە ١٩٩٩/١١/١١ بڵاوکراوەتـەوەو، لەبەر ئەوەی یاساکە تایبەتە بە ڕۆژنامەی "وەقایعی کوردستان" .

ئێمەش بۆ ئاگاداری و سوودی گشتی لێرەدا دووبارە بڵاوی دەکەینەوە.

## بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان

**بە نـاوی گەلـەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنـان : ١٤**
**ڕۆژی دەرهێنـان : ١٩٩٩/١١/٢**

## " بـڕیـار "

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لـە دانیـشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١ دا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا ( وەقـایعی کوردستان )

**ماددەی یەکـەم :**

وەزارەتـی داد دەرچـوواندنی ڕۆژنامەیـەکی ڕەسمـی بـۆ هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق لـە ئەستۆدەگرێ بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی و پێی دەگوترێ (وەقایعی کوردستان).

**ماددەی دووەم :**

(وەقایعی کوردستان) تایبەتمەند دەبێ بەبڵاوکردنەوەی ئەمانەی خوارەوە :

١) یاسـا و بڕیارەکـانی ئەنجوومـەنی نیـشتمانیی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق و ئـەوەی بەهاوپێچەکانیان حساب دەکرێن یان ئەوەی تیایدا دەقی گرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی.

٢) پێڕەوەکان و ئەوەی بەهاوپێچەکانیان حساب دەکرێن یان ئەوەی تیایدا دەقی گرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی.

٣) (مەرسووم) و فەرمانە دەرچووەکان بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ (یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزاڤی ئازادیخوازی کورد) هاتووە دەربارەی رابەر یا ئەوەی شوێنی ئەو دەگرێتەوە.

٤) ڕێنمایی یەکان.

**ماددەی سـێیەم :**

ئـەوەی لـە (وەقـایعی کوردسـتان) دا بڵاودەکرێتـەوە بـە دەقـی ڕەسمـی بـاوەڕ پێکـراوە دەژمێـردرێ و لـە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیـەوە کـاری پـێ دەکـرێ ئەگـەر دەقێکـی تیـا نـەهاتبێ کـە پێچەوانەی ئەوە بێ.

**ماددەی چـوارەم :**

(لەفز)ی نێر مێینـەش دەگرێتـەوە و، تـاك، جـووت و کـۆ و کەسـی مەعنـەویش دەگرێتـەوە لەهەر شوێنێکدا هاتبێت کە لە وەقایعی کوردستان دا بـــڵاودەکرێتەوە، ئەگەر هاتوو دەقێك یا قەرینەیەك نەبێت لەگەڵ ئەوەدا نەگونجێت.

**ماددەی پێنجـەم :**

وادادەندرێ ئەوەی لە وەقایعی کوردستان بڵاودەبێتەوە هەموو کەس پێیـان زانیـوە، ئیـدیعا کردن بە نەزانین بەوەی کە لە ناوەڕۆکی دا بڵاوکراوەتەوە بەهەند هەڵنا گیرێ.

**ماددەی شەشـەم :**

**یەکەم**: ساڵ و مانگ بەپێ ی هـەردوو تـەقویمی شەمـسی (زاینـی) و کـوردی حـسێب دەکـرێ و بەیەکەوە لەهەر شتێك کەلە وەقایعی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە جێگیر دەکرێن.

**دووەم**: هەر یاساو پەیڕەوێك ژمارەی زنجیرەی خۆی دەبێت و دەخرێتە سەر ساڵی دەرچوونی و ناوونیشانەکەیشی لە ناوەڕۆکەکەیەوە وەردەگیرێت.

**ماددەی حەوتەم :**

هیچ لایەنێك ، یان كەسێك بۆی نیە دووبارە ئەوەی لـە وەقـایعی كوردسـتاندا بلاوّدەبێتـەوە چاپی بكاتەوە ، مەگەر بەرەزامەندیی وەزارەتی داد ، یاخود بەسەرپەرشتی ئەوبێت ٠

**ماددەی هەشتەم :**

مەگەر بەرەزامەندیی وەزارەتی داد ، یاخود بەسەرپەرشتی ئەوبێت٠

هەڵەی چاپكردنی ئەوانەی بلاّودەكرێنەوە لە وەقـایعی كوردسـتاندا بـە بەیاننامەیـەك ڕاسـت دەكرێنـەوە كەلەلایـەن ئـەو لایـەوە دەردەچێت و ڕاسـتكردنەوەش لـە وەقـایعی كوردسـتان دا بلاّودەكرێتەوە

**ماددەی نۆیەم :**

دوای دەرچوونی ئەم یاسایە ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەردەوام دەبێت لـە دەرچوواندنی بلاّوكراوەی ( پەڕلەمان ) و دوایی بەپەخشنامەی ڕەسمی زمان حـاڵی ئەنجوومـەن دادەندرێ

**ماددەی دەیەم :**

وەزیـری داد بـۆی هەیـە ڕێنمـایی پێویـست دەربهێنـێ بـۆ ئاسـان كـاری جێبـەجێ كردنـی حوكمەكانی ئەم یاسایە ٠

**ماددەی یازدەم :**

كاربەهیچ دەقێك ، یابڕیارێك ناكرێت ، كەلەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا هاودژبێت ٠

**ماددەی دوازدەم :**

لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە كە حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكات ٠

**ماددەی سـێزدەم :**

ئەم یاسایە لە ١ | ١ | ٢٠٠٠ جێبەجێ دەكرێت ولە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بلاّودەكرێتەوە ٠

**جوهـر نامق سـالـم**
**سـەرۆكی ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێـراق**